The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
**www.chak.be**

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
**chak_org@yahoo.com**

# ناوەندی چاک شەش ساڵ کاری بەردەوام و بەبەرهەم

هاووڵاتیانی خۆشەویست
کەس و کاری سەربەرزی قوربانیان
خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکان
پارت و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و جەماوەری و پیشەییە کوردی و کوردستانییەکان
مرۆڤ دۆستان لە هەر کوێیەک هەن

ناوەندی چاک لە رێکەوتی 6-1-2002 بە بانگەوازی راگەیاندنی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە ژێر درووشمی " هەمووومان با لە ژێر جامانەکەی عومەر خاوەر کۆببینەوە " بوونی خۆی راگەیاند ، وەک کەمپینێک بۆ یەکخستنی هەوڵ و تێکۆشانەکان بۆ ناساندنی دۆزی ژینۆسایدی کورد و بە دادگاییگەیاندنی بکەرانی لە " دەوڵەتان – کۆمپانیاکان- کەسەکان " .هەر زۆر زوو توانی وەک رێکخراوێکی بوێر لە هەوڵوێست و داهێنەر لە کارکردن و پشوودرێژ لە هەوڵدان و بە سەلیقە لە کارکردن لە ناو جەماوەر بناسراێت ، لەوساوە تاکو ئێستا رۆژانە لە راگەیاندنە کوردی و بیانییەکانەوە گوێبیستی کارو چالاکییەکانی بوونە ، رۆژ نەبوو ناوەندی چاک بە هەڵوێست و هەڵسوڕانی میوانتان نەبوبێت.
کارە زۆرو زەبەنەکانی ناوەندی چاک لە 6 ساڵی رابردوودا ، ئامادەبوونی لە هەموو شوێن و پێگەکانی تێکۆشان دژ بە کورد کوژی و پێشێلی مافی مرۆڤ و پێشێلی ئازادییەکان ، ئامادە بوونی لە هەموو ئەو بەرەو روبونەوانەی دژ بە کورد ئەنجامدران ، ناوەندی چاکی کردە خۆشەویستترین ناوەندی نا حکوومی سەربەخۆ لە ئاستی هەموو کوردستان.
پاش 14 ساڵ لە هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال ، ناوەندی چاک یەکەم ناوەند بوو بۆ دۆزی ژینۆسایدی کوردی بە دیدێکی کوردی و کوردستانیانە هاوکات لە کوردستان و هاندەران راگەیەنرا.
ئەگەر کارو چالاکییەکانی 6 ساڵەی چاک باس بکەین ، پێویستمان بە 6 ساڵی دیکە دەبێت ، 6 ساڵ شەو دانە دەم رۆژەوە ، چاکی خۆشەویست و ناسراو کرد ، چاک لە هەوڵی بە دادگایی گەیاندنی نەزار خەزرەجی و وەفیق سامەرائییەوە تاکو سکاڵا تۆمار کردن لەسەر زۆر تاوانکاری دیکە هاوکار ولە ریزی پێشەوە بووە.
لە هەموو ئەو میحنەتانەی لە تەواوی پارچەکانی کوردستان بەرەو رووی کورد بونەتەوە ، چاک یەکەم دەنگ هەڵبڕ بووەو لە سەنگەری پێشەوە بووە ، چۆن بۆ ئەنفال و هەڵەبجە سوتاوە ئاواش یەکەم لایەن بووە یادی کارەساتەکانی سەردەشت و قارنێ و قەڵاتان و عامودای کردۆتەوە ، چۆن لە پێناو ئازادی بیروڕا سوار چاکێکی نەترس بووە لە داکۆکیکردن لە کەماڵی سەید قادر بە زیاتریشەوە داکۆکی لە ئیسماعیل محەمەدی و عەدنان حەسەن پوور و هیوا بۆتیمار و نورییە کەسپیر و شوانەی سەید قادر و خەزنەوی کردووە.
چاک چالاکانە پشکداری لە دۆزی دادگایی فرانس ڤان ئانرات کرد ، سکاڵاکەرانی بۆ دادگا ئامادە کرد ، شایەدحاڵی بۆ دۆزییەوە ، چەندین خۆپیشاندانی سازو ئامادە کرد ، بەشێک گرنگ لە هەزێنەی پارێزەری قوربانیانی دابینکرد ، دۆکۆمێنتی زۆری دا بە دادگا ، پارساڵیش کۆمەڵێک دۆکۆمێنتی پڕ بەهای پێشکەش بە دادگا کرد لە سەر خودی ئانرات کە دەنگدانەوەی باشیان لە راگەیاننەکانی هۆڵەندی و جیهانی هەبوو .

چاک هەمیشە لە گەڵ  خۆشی و ئازارەکانی کوردستانیانی سەرتاپای کوردستان ژیاوە ، لە میحنەتەکانیان بە تەنیا بەجێیانی نەهێشتووە ، لە گەڵ قامیشلو و مهاباد و ماکۆ و عامودا و کۆپانی لەسەر شەقامەکان بووە ، لە کاتی تۆپباران و هێرشی داگیر کەران دەنگە زوڵاڵەکەی نارەزایەتی جەماوەر بووە  ، چۆن هەمیشە لە گەڵ گەرمیانییەکان بووە ئاواش بووە بۆ سنەو مەریوان و دیاربەکر . چاک چۆن سوتاوە بۆ مافی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران ، چۆن لە پێشەوە بووە بۆ داکۆکی لە کامیل و ئەقلیمە ، ئاواش دژ بە موتوربەکردنی لیستی شەهیدان و پێشمەگەی دێرین بووە بە جاش تاوانکاران ، پاکسازی لیستی شەهیدانی کرد بە ئەمری واقیع و پاشگەزبوونەوەی لێکرد بە خەون.
هاوکات  لە 14-4-2006 و 21-8-2008  بووە دەستپێشخەر بۆ جۆشدانی شەقام و هوشیارکردنەوەی جەماوەر بۆ داخوازی مافە یاساییەکانی و ناسینی کردەی ئەنفال بە ژینۆساید و داوای لێبوردن کردن لە کورد لە لایەن حکوومەتی عێراقییەوە و داواکردنی چارەنووسی بێسەروشوێنکراوانی ئەنفال لە پێشیانەوە 18 پاکیزەکەی کورد بە میسر ، هەروەها توانی چەندین شایەدی گرنگ بۆ دادگای باڵای تاوانەکان پەیدا بکات لەوانە هەردوو پرۆفیسۆری نەمساوی و بەلجیکی.
چاک بەوە ناسراوە هەمیشە دەستپێشخەر بووە نەک چاولێکەر ، داهێنەر بووە نەک  لاسایی کەر ، بوێر بووە نەک سازشکەر ، هەر بەم هۆیەشەوە کاتێک مافی قوربانیانی ئەنفال پێشێل کرا سکاڵای خۆی تۆمار کرد دژ بە  بەرزترین پلەی دەسەڵاتدارییەتی لە عێراقدا ، لە ئەنجامیەوە  فشاری زۆریشی بۆ هێنرا تەنانەت لە لایەن گروپێکەوە بە ناوی چاکەوە  ، وەلێ ملی نەدا بە پاڵەپەستۆکان  و لە میتۆدی کارکردنی خۆی لاینەدا و بەردەوام بوو لە هەڵوێستەکانی ، چاک ئابلووقەو بایکۆت و مەرگی سەربەرزانەی پێ باشتربوو لەوەی ببێت بە بۆقی دەسەڵاتداران.
پارساڵ ناوەندی چاک لە دەستپێشخەرییەکی کەموێنەدا توانی پشتگیری دەیان پارلەمانتار لە سوید و نەرویج و دانمارک و هۆڵەندا پەیدا بکات بۆ ناساندنی ئەنفال بە ژینۆساید ، ئەمەش وانەیەک بە نرخ بوو بۆ گەلەکەمان ، لە دوای ئەوە زۆر لایەنی دیکە هەمان ڕێچکەیان گرتە بەر.

مخابن دوای کۆنگرەی یەکەمی چاک بەرەو ڕووی کۆمەڵێک کێشەی دروستکراو بوینەوە لە لایەن گروپێک هاورێی چاکەوە ، ئەو کێشانە لە ئەنجامی گەشەی چاک و ململانێ لەسەر دەسەڵاتدارییەتی لەناو چاکەوە هاتە ئاراوە ، ئاکامەکەی بە جیابونەوەی ئەو دەستەیە گەیی لە ناوەندی چاک لە بەرواری 22-9-2007 لەو کاتەوە خۆمان لە هەموو کێشەو وەڵامدانەوەیەکیان پاراستووە.
کۆنگرەی دووەمی چاک  کە لە 1\2-12-2007 لە ئاڵمانیا بەسترا ،  بە بەرنامەیەکی دەوڵەمەند و تەواو نوێ لە ئاستی ڕێکخراوەی جەماوەری کوردی  دەرچووە دەرێ  ، بەرنامەیەک دەتوانرێت بە سەرەتایەکی باش بۆ کاری ڕێکخراوەیی لە کوردستان  ناوبنرێت.
لە کۆتاییدا داوا لە دڵسۆزانی گەلەکەمان و دۆستانی چاک دەکەین پشتیوانی ناوەندی چاک بن بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو کێشە جۆراوجۆرانەی بۆی   درووست دەکرێت  بەهۆی کارو هەڵوێستەکانیەوە ، هاوکات پەیمان دەدەین بەردەوام بین لەسەر میتۆدی کارکردنی خۆمان ئازایەتی و بوێری لە هەڵوێست و داهێنەر و پشوودرێژ و بەسەلیقە  لە کارکردن.

یەکەم بانگەوازی ڕاگەیاندنی چاک
http://www.chak.be/pages/Beyani%20Damezrandni%20CHAK.pdf

**ناوەندی چاک**
30-12-2008
www.chak.be
chak_org@yahoo.com

تێبینی : هەر بانگەوازو بەیانێک  ئەم ئادرەسانەی  لەسەر نەبێت  چاک لێی بەرپرس نییە ئەگەر بەناوی ناوەندی چاکیشەوە بێت